# هەل هەلە لێدەن ئەمڕۆ شایی‌و سەیرانە !

ئازاد جەلال

حوزەیران ٢٠٠٤

azadjalal@maktoob.com

لەوەتەی فامم کردۆتەوە، بەدیاردەیەك ئاشنابووم کە سەیر بووە بەلامەوە، ئەویش ئەوەبوو کاتێ هەواڵێك گەیشتوە تەقە کراوە بە ئاسماندا، کاتی خۆی پاڵەوانەکانی قادسیە لەهەر سەرکەوتنێکدا بە قیاسی خۆیان هەواڵیاندەداو تەقە دەکرا بە ئاسمانا ، بەیانی نەبوو لە کاتی ئەو تەقانەدا عەلاگەیەك قەوان کۆنەکەمەوە ، لەسەرکەوتنەکانی فاو عەمارە و ناوچە کوردستانیەکاندا هەرکات (هاشم) دیکۆرەکە نیشادەداین لەو تەلەفزیۆنەی کە ئەو کات بە (تامیم) ناو دەبرا دەبوو بە بەزم، ئەم بەزمە دزەی کردبووە ناو بۆنە ئاییني و نیشتمانیەکانیشەوە من هەرگیز ئەو رۆژەم لەبیر ناچێ لە ٨ ی ئابی ١٩٨٨ دا جەنگی عێراق ئێران راگیراو تەقەی خۆشی کراو، لەدەرەوەی ماڵەو سینیەکم بەدەستەوە بوو فیشەکێ لێداو ترساندمی! وامزانی بەرمکەوتوە بەڵام سەلامەت بووم ، قادسیە نەماو راپەرینی جەماوەری ئەنجامدراو حزبەکان هاتنەوە کوردستان و هەروەك جاران بگرە زۆرتریش خەباتکارەکانی شاخ لە بۆنەکاندا بەحەوادا فیشەك‌و ئەربیجی‌و تەنانەت گەر ببوایە تۆپی قورسیان دەتەقاند (١) ساڵ ڕاپەڕین ئەنجامدرابوو، بەو شەل‌و شکستییە لە دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنی (١٩٩٢) تەقە بەئاسماندا کرا.

دیسانەوە لەبۆنەکانی نەورۆزو یادە نەتەوەییەکانی حزبدا فیشەك دەتەقێنرا.

ئەو فیشەکانەی کەبەهەوادا دەتەقێ لەساڵی (١٩٩٤) ئاڕاستەی یەکتری کران هەر کە لەیەك نزیکدەبوونەوەو بەحساب بۆ ئاشتی دادەنیشتن دیسانەوە فیشەکەکان لەهەوادا دەتەقێنرا، تەقی، فیشەك تەقی، تا ئەمریکا دووحزبەکەی لەیەك نزیك خستەوە، بەعس ڕووخا فیشەك تەقی، صەدام گیرا فیشەك تەقی. دەستووری کاتی عێراق ئیمزاکرا فیشەك تەقی: جوانترین گۆرانی بۆ بۆنەکان بەپارە دەگوتران بۆ هەڵبژاردنەکان بۆ شارەوانییەکان‌و بەگوتەی گۆرانی بێژێك بۆنەهەبووە (١٠) هەزار دیناری سویسری کەوتووە زۆرترین جار گوێم لەم گۆرانییە بووە کە لەبۆنەکاندا وتراوە هەلهەلە لێدەن لێدەن ئەمڕۆ شایی‌و سەیرانە! بۆنە لەوە گەورەتر هەیە کە بەمدواییە بڕیاری (١٥٤٦) ئەنجومەنی ئاسایش دەریکرد!

ئەی بۆ گۆرانیی ناڵێن‌و هەروەك بۆنەکانی تر خۆشی دەرنابڕن بۆ ئەو مافەی کە بۆ کوردتان چڕی ئەوەتا کورد لەکەرکووك‌و خانەقین خۆشی دەردەبڕن. پۆستێکی گەورە بۆ کورد پچڕاوەو خوێنی شەهیدانمان بەهەدەر نەچووە! ئەمڕۆ شایی‌و سەیرانە! بۆ ئەم هەموو دەستکەوتانە هەل هەلە لێدەن لێدەن.